لە خولی سعودیە ئەهلی لە ریازی بردەوە



لە هەفتەی 12ی خولی سعودیە ئەهلی لە یاریگای خێدا میواندار ی ریازی کرد.

لە تایمی یەکەمدا ئەهلی هەر لەگەڵ دەستپێکی یارییەکەدا و لە خولەکی دوو لەسەی یاریزان فیراس بوریکان گەڵی یەکەمی تەمارکرد، پاش ئەهلی بە تەواوی کۆنترۆڵی یاریەکەی کرد و چەندین هەرشی بردە سەر گۆڵی ریاز تا لە خولەکی 26 لەسەی گابریێل ڤێگاوە گۆڵی دووەمی تەمارکرد و تایمی یەکەمیش بەم ئەنجامە و بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی ئەهلی کۆتای پێهات.

لە تایمی دووەمدا و پاش تێپەڕبوونی چەند خولەکێک و لە خولەکی 52 ریاز مەحرەز گۆڵی سێیەمی ئەهلی تەمارکرد، پاش ئەم گۆڵە یانەی ریازی میوان چەندن هەوڵی گۆڵیاندا و چەند جارێک نزیک بوون لە گۆڵ تەمارکردن بەڵام تەواوی هەوڵەکانیان بەسوود بوو و سەرەنجام یاریەکە بە سێ گۆڵی بەبەرامبەر لە بەرژەوەندی ئەهلی کۆتای پێهات.

بەم ئەنجامەش ئەهلی بە کۆکردنەوەی 25 خاڵ لە پلەی چوارەمی ریزبەندی جێگیر بوو، ریازیش بە 11 خاڵ

لې پلې ی 14 یې دې ت.